کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
24-4-2007 0:43 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پیرۆزبایی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکگرتوو بە بۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە

بەبۆنەی 22ی نیسان ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی، مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستە دەکات.

ئەمەی خوارەوە دەقی بروسکەکەیە:
ڕۆژی (22) ی نیسان، ڕۆژێکی پڕشنگدارە لە مێژووی گەلی کوردا، چونکە لەو ڕۆژەوەداو پێش (109) ساڵ بۆ یەکەم جار ئەم گەلە توانی بەهۆی یەکێك لە نەوە ڕوناکبیرەکانی بنەماڵەی خانەدانی بەدرخانەوە، کە ئەویش (میقداد مەدحەت بەدرخان) بوو، ڕۆژنامەیەك دەربکات بە ناوی (کوردستان) ..
بە دەرکردنی ڕۆژنامەی (کوردستان) مێژووی کورد چووە قۆناغێکی نوێوەو، کورد مینبەرێکی شارستانی هاوچەرخی بەدەست هێنا بۆ داکۆکی کردن لەمافە ڕەواکانی ...
هەر بۆیە جێی خۆی بوو کە ئەو یادە بکرێ بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی و، ساڵانە ڕۆشنبیران و نوسەران و ڕۆژنامەنوسانی کورد ئاهەنگی بۆ بگێرن و، بە زیندویی ڕابگرن ...
بەم بۆنەیەوە ئێمە لە مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە ناخەوە پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی تێکڕای گەلی کوردمان و، بە تایبەت ڕۆژنامەنووسانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و هەندەرانیش دەکەین و، ئومێد دەکەین کە ئەو یادە ببێتە مایەی پتەوکردنی ڕێزەکانی گەلەکەمان بەگشتی و ڕوناکبیران و ڕۆژنامەنوسان بە تایبەتی و، ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری کوردی و کوردستانی هەمیشە فاکتەرێکی ئیجابی بێت بۆ داکۆکی کردن لە ئامانجەکانی گەلەکەمان و پارێزگاری لە بەهاو ڕەوشتە ڕەسەنەکان و قوڵکردنەوەی بنەماکانی حیواروفرەیی و چەسپاندنی ئازادی بیروڕاو گیانی لێبوردەیی و، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیری بە سوود ...
هەروەها داواشمان لە حکومەت و دەسەڵات ئەوەیە کە پشتگیری لە ئازادی ڕۆژنامەنوسی بکات و، کەشو هەوای لەبارو هاوسەنگ بۆ هەمولا بخوڵقێنێ و، مامەڵەیەکی هاوچەرخانە لەگەڵ ڕاگەیاندندا بکات، کە ئەمڕۆ لە دونیادا ڕۆڵی دەسەڵاتی چوارەمی پێدراوەو، مافی ئەوەی هەیە چاودێری دەزگاکانی دەسەڵات بکات و ڕەخنەی بابەتیانەیان ئاراستە بکات و بەڕۆڵی چاکسازی خۆی هەڵسێت... لە هەمان کاتدا لە ڕۆژنامەنوسانی کوردستان دەخوازین کە ئەوانیش بەرپرسیارانە بە ئەرکی خۆیان هەڵسن و دوور لە هەر شێوازێکی نەخوازراو، پەیامی خۆیان پێشکەش بکەن و، بە هەواڵ و زانیاری ڕاست و دروستو بەسوود، جەماوەری کوردستان بەرچاو ڕۆشن بکەن...
پیرۆزو شکۆدار بێت ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی

مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی
یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
2007/4/22

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.